www.kurdistannet.org
11-9-02 14:38:09

ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی مەزنی نەتەوەیی تورکیا (TBBM) (لەمە بەدواوە هەر بە پەرلەمانی تورکیا نێوی دەبەم) ٥٥٠ ئەندامە و خشتەی دابەشبوونی ئەندامەکانی بەم نێو پەرلەمان بەم شێوەی خوارەوەیە :

| نێوی پارتە سیاسییەکان | ژمارەی ئەندامەکانیان |
|---|---|
| پارتی بزاڤی نەتەوەیی (MHP) | ١٢٥ |
| پارتی ڕێگەی ڕاست (DYP) | ٨٤ |
| پارتی دایکی نیشتمان (ANAP) | ٦٨ |
| پارتی تورکیای نوێ (YTP) | ٦٠ |
| پارتی داد و گەشەکردن (AKP) | ٥٩ |
| پارتی چەپی دیموکرات (DSP) | ٥٨ |
| پارتی بەختەوەریی (سەعادەت) (SP) | ٤٦ |
| پارتی یەکێتی مەزن (BBP) | ٤ |
| پارتی دیموکراتی تورکیا (TDP) | ٣ |
| پارتی نوێ (YP) | ٣ |
| پارتی کۆماری گەل (CHP) | ٢ |
| ئەندامی سەربەخۆ | ٢٤ |
| جێگە چۆڵەکان | ١٤ |
| کۆی ئەندامانی پەرلەمان | ٥٥٠ |

ئەم خشتەیە ڕۆژانە گۆرانی بەسەردا دێ چونکە پەرلەمەنتاری سەربەخۆ و سەر بە پارتە سیاسییەکان جێ گۆرکێ دەکەن و لە پارتێک دەردەچن و دەبنە ئەندامی پارتێکی دی.

پەرلەمەنتەرە سەربەخۆکان و گەلێ لەو پارتانەی نێو پەرلەمان لە ئەنجامی دابەشبوون و لێک ترازانی نێو پارتە سەرەکییەکان هاتوونەتە کایەوە و لە کاتی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٩ دا لە ئارادا نەبوون.ئەو کاتە تەنها پێنج پارتی سیاسی توانی نوێنەرانی بگەیەنێتە پەرلەمان ئەوانەش پارتەکانی بزاڤی نەتەوەیی، چەپی دیموکرات، سعادەت، دایکی نیشتمان و ڕێگەی ڕاست بوون.بۆ نموونە پارتی داد و گەشەکردن یا پێشخستن لە ئەنجامی پارچەبوونی پارتی بەختەوەریدا (سعادەت)هاتە کایەوە.ئەوانەی لە پارتی دیموکراتی چەپی دیموکراتی بولەند ئەجەوید (ئەجیڤیت)بە کۆمەڵ دەرچوون پارتی تورکیای نوێیان ساز کرد.پارتی یەکێتی مەزنیش ئەو ئەندامانە پێکیان هێنا کە لە دژی دەولەت باخچەلی پارتی بزاڤی نەتەوەییان بە جێهیلا.هەندێ لەو ئەندامانەش کە لە پارتەکانی خۆیان دەرچوون بوون بە ئەندام لە پارتی تردا.بۆ نموونە پارتی کۆماری گەل نەیتوانی لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٩ دا هیچ ئەندامێکی بگەیەنێتە پەرلەمان، بەلام ئێستا دوو ئەندامی لە پەرلەماندا هەیە.بەهەمان شێوە ئەو دوو پارتە بچوکەکەی تریش.و ٢٤ ئەندامیش دوای ئەوەی ڕیزی پارتەکانی خۆیان بە جێهێلا وەکو ئەندامی سەربەخۆ لە پەرلەماندا مانەوە.

لەم بارەی ئێستادا کە پارتەکان بەو شێوە دراماتیکیە دابەشبوونە و ٢٣ پارتی سیاسی لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداری دەکەن و دەنگەکان پەرش و بلاو دەبن و هەر پارتێک کە بیەوێ نوێنەرانی بگەیەنێتە پەرلەمان دەبێ بەلای کەمەوە ١٠ ٪ دەنگەکان وەربگرێ، ئەگەری ئەوە لە ئارادایە کە نزیکەی بیست لەو پارتانە نەتوانن نوێنەرانیان بگەیەننە پەرلەمان.بۆیەکا هەموو لایەک هەوڵدەدا هاوپەیمانی لە گەڵ لایەنەکانی تردا ساز بکا.قانونی هەڵبژاردن لەتورکیا ڕێگە

